# ئێران کارەکتەرێکی کاریگەری سەر پرۆسەی سیاسیی عێراق

**(خوێندنەوەیەک لە نزیکەوە بۆ پەیامی پێشوازییان لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان)**

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین،** شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**ئەوەی کە دەبوو ببێ؛ بوو!**

لە دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە 25/9/2017 پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا کەوتنە ئاڵۆزییەکی دژوار و سەنگەر لە کورد گرتن. ئەوان وا تێ گەیشتوون کە ئەگەر بەخۆ نەکەونەوە؛ خەریکە هەرێم شوێن وڵاتی عێراق دەگرێتەوە، کارەکتەرێکی کاریگەرە لە یەکلاییکردنەوەی هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق خۆی، وڵاتان وەک دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ هەرێم دەکەن، ئەو دەسەڵاتانەیشی کە بەپێی دەستووری ساڵی 2005 پێی دراون، وەک هەڵەیەکی مێژوویی و یاسایی لەسەر خۆیانی ئەژمار دەکەن و **بەردەوام لە ڕێگەی "دادگەی باڵای فیدراڵی"یەوە لە هەوڵی ئەوەدان زۆرترین گومان بخەنە سەر دەقەکانی دەستوورو هەر لەو ڕێگەیشەوە ئەو شرۆڤەیەی بۆ بکەن کە خۆیان مەبەستیانە؛ لە ئاکامیشدا بڕیاری شرۆڤەی دادگە شوێن دەستوورەکەی گرتۆتەوە. هەر بۆیە ئەو بابەتەی کە بەدڵیان نەبووبێ، بڕیارێکی دادگەیان بۆ دەرکرد و حکوومەت و پەرلەمانیشیان پێوە پابەند کرد.** هەوڵەکانیان بۆ لەباربردن و لەقاڵبدانی هەرێم وەک قەوارەیەکی دەستووری، بەردەوام بوو، بەتایبەت لەلایەن گرووپە وەلائییەکانی سەر بە ئێران.

بێ گومان لەو سەرەوە ئەو ستراتیژییەتەیە کە هەر خودی ئێران دەرهەق بە هەرێم مەبەستیەتی؛ تا دەهات هەرێم و بەغدا لە یەکتر دوور دەکەوتنەوە، دژوارییەکان زۆرتر دەبوون، هیچ جووڵەیەکی سیاسی لە عێراق بەبێ ئاماژەی ئێران نەکراوە، هەر ڕەوتێکی سیاسییش- ئەگەر شیعەیش بووبێ- لەگەڵ ستراتیژییەتی ئێران لە عێراق و ناوچەکە هاوتەریب نەبووبێ، دژایەتی کراوە و هەوڵی پەراوێزخستنی دراوە. باشترین نموونەیش مووشەکبارانکردنی پایتەختی هەرێم بوو، کە تیایدا چەندان کەسی سڤیلی کورد و بیانی کوژران. تۆمەتەکەیش "بوونی بارەگای هەواڵگریی مۆساد بوو لە هەولێر"، بەڵام لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەکانی حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ، دەریان خست کە ئەم تۆمەتە درۆیەکی شاخدارە.

سەرۆکی هەرێم تەنیا لە ماوەی 11 ساڵ حوکمڕانیی خۆیدا 5 جاران سەردانی کۆماری ئیسلامیی کردووە، هەموو جارێکیش بۆ چارەسەری گرفتەکان بووە. ئەو گرفتانەی کە نەتوانراوە لەگەڵ سەرانی عێراق یەکلایی بکرێنەوە، دواجار هەوڵی یەکلاکردنەوەیان لە تاران دراوە. ئەم جارەیش هەروەك جاران، سەرۆکی هەرێم نەیتوانی لەگەڵ سەرانی عێراق بگاتە ئاکام؛ بارودۆخەکەیش تەواو ئاڵۆز بوو و، ئاکامەکەیشی نە لە بەرژەوەندیی عێراق بوو و نە لە بەرژەوەندیی ئێران. هەر بۆیە ئێران زوو لەو ئاکامە تێ گەیشت و وەک هێزێکی کاریگەری یەکلاکەرەوە لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق، پەیامی پێشوازیی بۆ سەرۆکی هەرێم

نارد، تا لە نزیکەوە ئەوەی لە بەغدا چارەسەر نەکراوە، لە تاران چارەی بکرێ. ئەوەیش دەرفەتێکی ناوازە بوو بۆ هەرسێ لایەنەکە: هەرێم، بەغدا، تاران- تا لەو سەردانەدا تەواوی دۆسیە دژوارەکان گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و چارەسەر بکرێن و پەیوەندییەکانیش بگەڕێندرێنەوە چوارگۆشەی ئاسایی خۆیان. گەرچی داوەتنامەکەی ئێران کەمێک درەنگ کەوتبوو، بەڵام بۆ خودی ئێران و عێراق زیاتر پێویست بوو. هەرێمیش ئەو دەمەی کە لەگەڵ سەرانی عێراق نەگەیشتە بڕیاری کۆتایی، دەبوایە بچێتە ئێران؛ بڕیارە کۆتاکان لەوێ یەکلا دەبنەوە، نەک گرووپە وەلائییەکانی لە عێراق. سەردانەکە گرنگ بوو، کەواتە ئەوەی کە دەبوو ببێ؛ بوو!

**بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە: بۆچی ئێران لەم کاتەدا پلانی پێشوازیی بۆ سەرۆکی هەرێم داناوە؟**

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، زیاتر لە ڕەهەند و هۆکارێک خۆیان قوت دەکەنەوە، ئێمەیش لای خۆمانەوە دەبێ بیانخەینە ڕوو، لەوانەیش:

- هەڵوێستەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا تا دەهات توندتر دەبوونەوە؛ تا ئەو ئاستەی ئەمریکا بەجددی هاتە سەر خەت. نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ئەو سێ مانگەی پێش گەشتەکەی بۆ تاران، سێ جاران چۆتە بەغدا؛ سەرۆکوەزیرانی هەرێم گەیشتە واشنتۆن؛ چەندان شاندی ئەمریکی هاتنە عێراق؛ سەرۆکوەزیرانی عێراق دوای گەشتەکەی سەرۆکوەزیرانی هەرێم، بە ئەجێندایەکی ئاشکراوە لەلایەن "کۆشکی سپی"یەوە داوەت کرا؛ دواتر ئەردۆغان هاتە بەغدا و کۆتا وێستگەی گرنگی ئەو، هەولێر بوو. لەو ساتەدا کۆماری ئیسلامی هەستی بە مەترسییەکە کرد، کە دەبێ، بێتە سەر خەت و ئەو دژواری و زبرییەی نێوان هەولێر و بەغدا خاو بکاتەوە، دەنا ئاقارەکە لە بەرژەوەندیی عێراق و ئێران ناکەوێتەوە و هەڵوێستی هەرێم بەهۆی ئەمریکا و تورکیاوە تا دێ بەهێزتر دەبێ و ئەو لە هاوتەریبی بۆ هاوکێشەکان، هەنگاوێک لە دواوە دەبێ.
- بارودۆخێک لە عێراقدا پەرەی سەندووە کە داهاتووی گرووپە وەلائییەکانی سەر بە ئێرانی خستۆتە مەترسییەوە؛ ئەمەیش لەگەڵ ستراتیژییەتی ئێران لە عێراقدا ناگونجێ، بەوەی کە دەبێ ئەو گرووپانە بە بەهێزی بمێننەوە. هەر بۆیە ئێران لە ئێستاوە لە خەمی ئاییندەی ئەو هێزانەدایە کە لەوانەیە لە هەڵبژاردنی داهاتوو زەبریان بەر کەوێ.
- سەردانەکە پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دێ، کە وا بڕیارە لە ساڵی 2025 بکرێ. ئەو هاوکێشانەی کە نەخشەیان بۆ کێشراوە، لە بەرژەوەندیی گرووپە وەلائییەکانی سەر بە ئێران نین، بەڵکوو ئاکامەکەی لاوازبوونی نفووزی ئێران و هاتنەدەرەوەی عێراقە لەژێر ڕکێفی تاران و ئاڕاستەبوونی بەرەو تورکیا و دەوڵەتانی کەنداو؛ لەوسەریشەوە هاوتەریببوونە لەگەڵ ستراتیژییەتی ئەمریکا لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
- هاوکێشە جیۆسیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا دێن نزیک دەبنەوە. **هەرێمی کوردستان سەنتەرێکی بەیەکگەیشتنی زۆرێک لەو سەرەداوانەیە؛** بۆ نموونە ئێران بە دیدێکی نەرێنی سەرنجی "پرۆژەی ڕێڕەوی گەشەپێدان" دەدا، کە لە ئاکامدا عێراق دەتوانێ لەسەر پێیەکانی بوەستێ و چیتر پێویستی بە ئێران نەبێ؛ دواتریش تێکەڵ بە هاوکێشەی گەشەپێدانی ناوچەکە ببێ، کە تورکیا و ئێران و ئیمارات و قەتەر و کوێت پشکی شێریان تێدا هەیە. ئەمەیش لە بەرژەوەندیی ئەودا نییە.

- **بارودۆخی سیاسی و ئابووری لە ئێران لەوپەڕی خراپیدایە. هەرێمی کوردستان دەتوانێ ئەو بارقورسییە، سووک بکات و بازرگانیی ئێران تا ئاستێکی باش بژیێنێتەوە.** قەبارەی ئاڵوگۆڕی نێوان هەرێم و تاران 5%ی ئەو وڵاتەیە؛ ئەمەیش ڕێژەیەکی زۆر باشە. زیاتر لەوەیش، دەتوانێ هەندێ پێداویستیی وڵات لە کەرەستەی بنەڕەتی کە لەلایەن ئەمریکاوە گەمارۆ دراوە لە ڕێگەی هەرێم و عێراقەوە پڕ بکاتەوە. سەردانەکە لەو بارەیەوە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان بوو، چونکە بەهۆی مووشەکبارانەکەی سوپای پاسداران بۆ سەر ماڵی "پێشڕەو دزەیی"، بەرەو خراپی دەچوو و ڕەوشی بازرگانی بە ڕێژەی نزیکەی لە 40% کەمی کرد. ئەمەیش شتێکی باش نەبووە بۆ ئێران؛ هەرگیز وای بۆ نەدەچوو کە هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە دەتوانێ بەرژەوەندییەکانی ئێران لە عێراق و ناوچەکە بخاتە مەترسییەوە، چونکە 75%ی دەروازەکانی بازرگانیی نێوان عێراق و ئێران، دەکەونە هەرێمی کوردستانەوە، بەتایبەت لە سنووری پارێزگای سلێمانی. گەرچی ئەو دەروازانە لەژێر کۆنترۆڵی "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان"دان، بەڵام کەرەستە خاوەکەی بازاڕ و پێداویستییەکانی ئێران، لە زۆنی نفووزی "پارتی دیموکراتی کوردستان"ەوە بۆی دەڕوا.
- هەمووان پەنجەی بەرپرسیارێتییان بۆ ئێران درێژ دەکرد، بەوەی ئەو بارودۆخە ئابووری و سیاسییە نالەبارەی هەرێمی کوردستان، کۆماری ئیسلامی لێی بەرپرسیارە و خەتای ئەوە. پێشوازیکردنی تاران بەو شێوەیە لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لایەنێکی تری پەیامەکە بوو تا بڵێ: ئێمە فاکتەری ئەرێنین بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق و، ئەوەی کە ڕوو دەدا ناکۆکیی خۆتانە نەک ئێمە هۆکار بین.
- ئێرانییەکان وا هەست دەکەن ئەگەر لە کاتی خۆیدا لەگەڵ هاوکێشەکان هەماهەنگ و هاوتەریب نەبن، هەنگاوێک لە دوای تورکیاوە دەبن، بەتایبەت لە بواری وزە. ئەوەی کە پانتاییی هاوکێشەکەی دەکەوێتە سەر، هەرێمی کوردستانە؛ ئەگەر ئەردۆغان بەرژەوەندییەکی کرداریی نەکەوتبێتە هەولێر، هەرگیز گەشت ناکات بۆی. هەر بۆیە ناوەندە سیاسییەکان وای بۆ دەچن کە لەوانەیە لە سەردانە چاوەڕوانکراوەکەی "ئیبراهیم ڕەئیسی"، سەرۆککۆماری ئێران، بۆ عێراق، هەولێریش بگرێتەوە. زیاتر لەوەیش بە هەمان شێوەی تورکیا کە 26 لێکتێگەیشتنی لەگەڵ عێراق واژۆ کرد، ئێرانیش بەنیازە نزیکەی 23 لێکتێگەیشتن لەگەڵ عێراق و پەیوەستدار بە هەرێمی کوردستان واژۆ بکات. هەرێمی کوردستانیش بەو سەردانە زیاتر پێگەی بۆ گەڕایەوە.
- ئەزموونی پار لە پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێم، ئەوەی بە کۆماری ئیسلامی سەلماند کە هەرێمی کوردستان لە ناوچەکە پێگەیەکی کاریگەری هەیە و ناتوانێ پەراوێزی بخات؛ بەپێچەوانەیشەوە هەرێم دەتوانێ لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ئەو وڵاتە هەبێت. هەر بۆیە بۆ کاراکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و تاران ئەو سەردانە پێویستیی قۆناغەکە بوو؛ لەلایەن ئێرانییەکانیشەوە پانتاییەک لە کاتیان پێ دەبەخشێ تا بیقۆزنەوە و لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکانیاندا سوودی لێ وەربگرن.
- هەندێ کارئاسانی لەسەر ئاستی بوودجە و مووچە و دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم و سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمیش بۆ تاران، ئاماژەیەکی ڕوونی تێدایە، کە هەوڵێک هەیە بۆ قەناعەتپێکردنی پارتی بەوەی ئەزموونی ساڵی 2021 لە هەڵبژاردندا دووبارە نەکاتەوە و نەبێتە پشتیوانی سەدر و سوننە؛ چونکە هاوکێشەی هەڵبژاردنی ئەم جارە بۆ گرووپە وەلائییەکان و کۆماری ئیسلامی، زۆر مەترسیدارترە لەوەی ساڵی 2021. چەقی

کاریگەرییش لەو پانتاییەدا پارتی دیموکراتی کوردستانە بۆ یەکلاییکردنەوەی هاوکێشەکە و مانەوەی چوارچێوەی هەماهەنگی وەک هێزی یەکلاکەرەوەی هاوکێشەکان لە عێراق.

**ئایا ئەو سەردانە هیچ لە هاوکێشەکان بۆ هەرێمی کوردستان دەگۆڕێ؟**

لەو بارەیەوە دەتوانین پارسەنگەکەی بۆ دوو ئاست دابەش بکەین:

**لەسەر ئاستی هەولێر و بەغدا**

هەرێمی کوردستان پێویستیی زۆری بەو سەردانە بوو، تا لە نزیکەوە نیگەرانییەکانی بگەیەنێتە تاران و هەر لە نزیکەوە و لە دەمی خۆیانەوە باس لە چارەسەرەکان بکرێت، نەک لە ڕێگەی گرووپە وەلائییەکانی سەر بەو؛ کە بڕیاری کۆتاییيان لای خۆیان نییە و دواجار دەبێ بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی کە سەرۆکی هەرێم سەردانی کردووە و هەوڵی چارەسەری گرفتەکان دەدات. بە سەردانەکە جۆرێک لە گەشبینی بۆ پرۆسەی سیاسیی هەرێم و عێراق گەڕایەوە، کە پێشتر تا ڕاددەیەک گەیشتبووە بنبەست. هەر ئەو سەردانە بوو کە لە گفتوگۆکانی سەرۆکی هەرێمەوە لە بەغداوە دەستی پێ کرد و لە تاران کۆتاییيان هات و سەرلەنوێ سەرۆکی هەرێم بۆ تەواوکردن و یەکلاییکردنەوەی ئەو گفتوگۆیانە، دوای گەڕانەوەی بۆ هەرێم، چووە بەغدا. بەمەیش کەناڵەکانی گفتوگۆ سەرلەنوێ ئەکتیڤ بوونەوە، بەتایبەت لەگەڵ گرووپە وەلائییەکانی سەر بە ئێران و بەکراوەیی هێڵدرانەوە.

لە لایەکی تریشەوە سەردانەکانی بەغدا و تاران هەندێ هەڵوێستی نەرم کردن، بەتایبەت لەسەر ئاستی دەسەڵاتی دادوەری. سەردانەکە ئەوەی سەلماند کە دەبێ هەرێمی کوردستان بەردەوام لە هەماهەنگیدا بێت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و، بەرژەوەندییەکانی بەهەند وەربگرێ و لە هەوڵی پاراستنیاندا بێ؛ چونکە بەپێچەوانەوە لەسەر دوو ئاستی خۆی وەک ئێران و عێراق قەیرانی بۆ دێن و، دەبێ لە ئێرانیشەوە بگەڕێینەوە بۆ تەحەکومکردن بە هاوکێشەکانی عێراق و چارەسەرییان بۆ بکرێ، دەنا ئەوانەی عێراق، بەبێ پرسی ئێران دەست بە ئاوێدا ناکەن!

**لە کۆتاییشدا دەتوانین بڵێین کە جارێکی تر بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە و خودی کۆماری ئیسلامی سەلمێنرا کە هەرێمی کوردستان میحوەری بەیەکگەیشتنی هاوکێشە و بەرژەوەندییەکانە و هێزەکانی لێ کۆ بۆتەوە؛ لە ئاکامیشدا ئەو لایەنە سوودمەند دەبێت کە پەیوەندیی باشی لەگەڵیدا هەبێت. هەرچەندە هەرێم ئەکتەرێکی نادەوڵەتییە، بەڵام لە یەکلاییکردنەوەی هاوکێشەکانی عێراق و ناوچەکەدا کاریگەرە.**

**لەسەر ئاستی هەولێر و تاران**

سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ تاران سەرلەنوێ پێگەی هەرێمی گەڕاندەوە پێشتر و لای ئێرانییەکان بە "قووڵایی ستراتیژی" بۆ خۆیان ئەژمار کرایەوە. ئەو ماوەیەی کە ئێرانییەکان هەرێمیان لە هاوکێشە سیاسی و ئابوورییەکان پشتگوێ خست، چەند هەنگاوێک چوونە دواوە. هەرچەندە وا خۆیان دەرنەخست بەڵام لە ناواخن و لە سەروبەندی گفتوگۆ لەسەر دۆسیەکان ئەوەی سەلماند کە هەرێم کاریگەرە لەسەر ئاستی چەند کایەیەک بۆ ئێران: ئاسایش، ئابووری، ستراتیژییەتی ئێران لە ناوچەکە، هەڵبژاردنی 2025ی عێراق، بەیەکگەیشتنی هاوکێشەکان لە هەولێری پایتەخت و هتد. هەر بۆیە سەرۆکی هەرێم ڕاشکاوانە ڕای

گەیاند کە: ئاسایشی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاسایشی هەرێمدایە. ئەو گوتەیەیش لە جەوهەردا بۆ کۆماری ئیسلامی جێی بایەخ و پرمانایە. هەر بۆیە ئێران جارێکی دی گەڕایەوە بۆ هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، چونکە لە دوو دۆسیەی گرنگدا لە وڵاتی عێراق کاریگەرترە: ئابووری و ئاسایش. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئێستا هەرێمی کوردستان پێگەیەکی کاریگەری هاوکێشەی وزەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ ئێرانیش خوازیار نییە لەو هاوکێشەیە بێبەش بێت و پەراوێز بخرێت.

**بەڵام سەردانەکە ئەرکی هەرێمی لە هاوکێشەکان قورستر کرد، بەوەی کە دەبێ تا دەکرێ لە ساتی هاتنەئارای هاوکێشەی نوێ و مامەڵەکردن لەگەڵ هێزە ڕکابەرەکاندا هاوسەنگی بپارێزێ، بەتایبەت ئێران و تورکیا و ئەمریکا؛ چونکە هەر یەکەیان کاریگەرییەکی بێسنووریان لەسەر هەرێم هەیە.** ئەوەی جێی ئاماژەپێدانە، مامەڵە و هەماهەنگی لەگەڵ ئێران لە بەرژەوەندیی هەرێمە و دەتوانێ لەوێوە سەقامگیری بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا بگەڕێنێتەوە، بەتایبەت گرووپە وەلائییەکانی سەر بە ئێران کە ئێستا دەسەڵاتدار و بڕیاربەدەستن لە بەغدا؛ لە ئاکامیشدا چنگکەوتنی شایستە دەستوورییەکانی، لە سەرووی هەموویانەوە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم.

**کەواتە پەیامی پێشوازییەکە بۆ هەرێم چییە؟**

پێشوازییەکە سێ پەیامی سەرەکیی بۆ هەرێم تێدا بوو، کە پێویستە سەرکردایەتیی کورد بەهەندیان وەربگرێ:

**بۆ هەرێمی کوردستان:**

- ئێران میحوەرێکی سەرەکیی هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و، دەبێ بەهەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. لەو بارەیەوە دەبێ هەرێم لێی سوودمەند بێ.
- مەترسیدارترین هەڕەشە لەسەر هەرێم، کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، کە تەواو کاریگەرە لەسەر پرۆسە و چارەنووسی پرسی کورد لە عێراق؛ ئەزموونە مێژووییەکانیش ئەوە دەسەلمێنن. هەر بۆیە ڕەواندنەوە یان کەمکردنەوەی ئەو مەترسییە، کارێکی حەکیمانە و پێویستییەکی نەتەوەییە.
- پەیامی پێشوازییەکە ئەوەی پێ وتین: چەند پەیوەندیتان لەگەڵ ئێمە باش بێ، ئەوەندە گرفتەکانتان لە بەغدا کەم دەبنەوە و بۆتان چارەسەر دەکەین.
- ئەگەر پەیوەندیتان لەگەڵ ئێمە باش بێ و بەرژەوەندییەکانمان نەخەنە مەترسییەوە، لەو پێگەیەدا مامەڵەتان لەگەڵدا دەکەین کە لە پێشوازییەکەی ئەو سەردانەدا بینیتان.

**بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران:**

بۆ ئەوان پەیامەکە چەند ڕەهەندێکی تێدا بوو؛ هەوڵیان دا ئەوەی کە خەریک بوو لەکیسیان بچێ، تێیان هەڵێنایەوە، وەک:

- هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی دەستووریی کاریگەرە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئێران و، نابێ لە پانتاییی ستراتیژیی ئێران دوور بخرێتەوە و، دەبێ گوشارەکان بۆ سەری کەم بکرێتەوە و لە هەوڵی ڕاکێشانیدا بین.

- نابێ چیتر کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هاوکێشەکان دوا بکەوێ و، پێویستە هەماهەنگ و هاوتەریب بێت. ئەوەی کە لە ڕووی ستراتیژی و ئابووری و ئاسایشەوە پێگەی ئێران لە عێراق بەهێزتر دەکات، هەرێمی کوردستانە، کە کاریگەرییەکەی لە هەندێ ڕووەوە ئەگەر لە دەوڵەتی عێراق زۆرتر نەبێ کەمتر نییە.

**بۆ گرووپە وەلائییەکانی سەر بە ئێران:**

بۆ ئەوان بابەتەکە چارەنووسسازە و بڕیاردانە لەسەر کۆتاییی سیاسیی خۆیان؛ هەر بۆیە بەهەند و بایەخەوە مامەڵەیان لەگەڵ سەردانەکە کرد. هەندێ سەرچاوەیش باسیان لەوە کرد، کە ئەوان بوون داوایان لە ئێران کردووە بۆ ئەوەی بێتە ناو هاوکێشەکەوە و قوتاریان بکات، بەتایبەت لە بابەتی هەڵبژاردنی ساڵی 2025. چەقی گۆڕانکارییەکەیش لە پارتییەوە دەست پێ دەکات. پەیامەکانیش بۆ ئەوان بریتییە لەوەی کە:

- ئێران مەرجەعییەتێکی سیاسیی کاریگەرە لەسەر هەرێم و عێراق. لە کاتی گەیشتنی هاوکێشە سیاسییە عێراقییەکان بە بنبەست، لە جیاتی ئەمریکا و تورکیا، پێویستە ئێران بێتە ناوەوە. ئەوەی کە لە بەغدا تەواو نابێ، دەکرێ لە تاران تەواو ببێ.
- ئەو گرووپانە ئێستا لە حاڵەتێکی دژواری سیاسیدان، کە لە چارەنووسیان لە هەڵبژاردنی 2025 دەترسن؛ لە زەبری ئەمریکا، هاوکێشەکانی ناوچەکە، ڕای گشتیی عێراقی، لایەنە سیاسییەکانی عێراق وەک پارتی و سەدر و سوودانی.

**ئەی ئێران چیی لە سەرۆکی هەرێم دەوێت؟**

لەو بارەیەوە ئێران چەند داوایەکی لە سەرۆکی هەرێم هەیە:

- هێشتنەوە و پەرەدان بە پەیوەندییەکان لەسەر هەموو ئاستەکان. ئەزموونی پار، زۆر بەنەرێنی لەسەر هەردوو لا شکایەوە، بەتایبەت لە ڕووی ئاسایش و ئابوورییەوە بۆ ئێران.
- دەبێ هەماهەنگییەکانی نێوانیان بەردەوام بێت، لەسەر هەرسێ ئاستی عێراق و ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
- پاراستن و پەرەدان بە بەرژوەندییەکانی ئێران لە هەرێمی کوردستان، لەسەر هەموو ئاستەکان.
- پاراستنی هاوسەنگی لە مامەڵەکردن لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەت تورکیا و ئەمریکا و، نەکەوتنە ناو خولگەی دژایەتیی ئێرانەوە.

**ئایا ئەو هاوسەنگییە بە هەرێم دەپارێزرێ؟**

ئەمە کارێکی زەحمەتە و هیچ گەرەنتییەک نییە. هەر بۆیە سەرهەڵدانەوەی قەیرانەکان لەبەر دەرگەن و ئومێدی چارەسەریش لاوازە. ئەوەی کە هەیە ئازارشکێنە نەک چارەسەر. لەو نێوەدا چەند هۆکارێک هەن و دەبێ هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بەهەندیان وەربگرێ، لەوانەیش:

- هاوکێشە نوێیە هەمەجۆرەکان بوار بە هەرێمی کوردستان نادەن کە ئەو ڕۆڵە ببینێ؛ ئەوەندە ماوەتەوە بۆ هەرێم کە پەلە لە ڕووداوەکان نەکات و پێشوەختە ئامادەباشی بکات و تا دەتوانێ خۆی لە قەیران و گرفت لەگەڵ هەرسێ لایەنی تورکیا و ئێران و ئەمریکا بپارێزێ.

- هەرێمی کوردستان تەنیا خاڵی بەیەکگەیشتنی بەرژەوەندییەکان نییە، بەڵکوو خاڵی بەیەکگەیشتنی هێزە ڕکابەرەکانیشە؛ لە کاتی ڕوودانی هاوکێشەیەکی دژوار، گەورەترین باج و زەرەر دەدات.
- هەرێم لەگەڵ چەند ئەجێندایەکی هاوتەریب و هەماهەنگ مامەڵە ناکات، بەڵکوو ئەجێنداکان تەواو دژوار و دژبەیەکن. ئەمەیش جووڵەی هەرێم سنووردار و بەرتەسک دەکاتەوە.
- قەیرانەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر نەبوون، سەرانی بەغداش ئەو نیازەیان نییە؛ چونکە ئامانجیان لەقاڵبدان و لەباربردنی هەرێمە. لەو حاڵەتەیشدا هەرگیز متمانە دروست نابێ. **دادگەی باڵای فیدراڵییش ڕەفتار و پەیوەندییە سیاسییەکانی لایەنە عێراقییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان تەواو لەقاڵب داوە و هیچ پانتاییەکی بۆ ڕێککەوتنی سیاسی نەهێشتۆتەوە و بەردەوام گوشار دەخاتە سەر هەرێم.** هەر بۆیە بەپێچەوانەوە هەرێمی کوردستان لە پێناو مانەوە و بەدەستهێنانی شایستە دەستوورییەکانی، هانا بۆ هێز و ناوەندەکانی بڕیاری نێودەوڵەتی دەبات، تا پشتیوانی بن و بیپارێزن؛ لە سەروو هەموویانەوە ئەمریکا. ئەزموونی شەش مانگی پێشووی قەیرانی نێوان هەرێم و بەغدا سەلماندی، ئەگەر ڕۆڵی کاریگەری ئەمریکا نەبوایە، هەرگیز بەغدا ملی بۆ جۆرێک ڕێککەوتن لەسەر مووچەی فەرمانبەران نەدەدا.
- نزیکبوونەوەی زۆر و سووڕانەوەی هەرێم لە خولگەی ستراتیژییەتی ئێران، لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان نییە؛ چونکە دەبێتە هۆی پشتتێکردنی لەلایەن تورکیا و دەوڵەتانی ڕۆژاوا و ناوچەکە، کە هەموویان لەگەڵ ئێران پەیوەندییەکی دژواریان هەیە.
- ئەزموونی نەبوونی متمانە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدا؛ بەوەی هیچ پەیمان و ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ هەرێم نەبردۆتە سەر و پێوەی پابەند نەبوون. تەنانەت پێشێلی دەستووریشیان کردووە و دادگەی باڵای فیدراڵییان کردۆتە قەڵغان بۆ خۆیان و تا ئێستا نەیانتوانیوە لە کەلتووری ڕژێمی بەعس دەرهەق بە کورد قوتاریان بێ، بەڵکوو هەمان سیاسەت دژ بە کورد دووبارە دەکەنەوە. هەر بۆیە ئەوەی کە ڕوو دەدا، هەرچەندە جووڵەی سیاسیی ئەرێنین و پێشتریش لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەتی هەرێمەوە کراون، بەڵام هەر ئەوەندەی قاچیان گەیشتۆتە بوار، پشتیان لە هەرێم و کورد کردووە. ئەوەی کە ئێستایش ڕوو دەدا، لە هەستیاریی قۆناغەکەیە و بارودۆخی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییان باش نییە. ئەو ڕاستییە مێژووییەیش دروستە کە دەڵێن ئێران لە زۆربەی ئەو جەنگانەی کە کردوونی، دۆڕاوە، بەڵام لە هیچ پرۆسەیەکی دانوستاندا هەرەسی نەهێناوە، بەڵکوو هەمیشە سەرکەوتوو بووە، بەڵام سەردانەکە دەبێ وەک فاکتەرێکی پەیوەندیی سیاسی سەرنج بدرێ و ئەوە ناگەیەنێ کە هەرێم نابێ دەرفەتە ئەرێنییەکان بۆ خۆی بقۆزێتەوە، تەنها ئەوەندە نەبێ کە ئەو جووڵانەی ئێران تەواو پراگماتیزمین و لە خەمخۆرییەوە نین بۆ ئێمە، ئەوان لەم قۆناغەدا پێویستییان بە هەرێمی کوردستانە، دەبێ ئەو خاڵە بە هەند وەربگیرێ، سوودی لێ وەرگرین و زۆر نەچینە پێشەوە.

**ئێمە دەبێ چی بکەین؟**

- یەکڕیزی...یەکڕیزی...یەکڕیزی
- ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکانی هەرێم لەسەر ئەجێندایەکی سیاسیی نەتەوەیی هاوبەش.
- سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی دانوستان لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ **چونکە بابەتەکە دەبێ بە پێوەری بەرژەوەندیی باڵای نەتەوە بەرچاو**

**بگیرێ، نەک حزبی.**

- زۆرکردنی ڕایەڵەکان لەگەڵ بەغدا و هەوڵدان بۆ ڕێککەوتنی تەواو. هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێمیش لەو چوارچێوەیەدایە و بەئاکامگەیاندنی هەوڵەکانیش تا ڕێککەوتن، کارێکی ئاسان نییە بۆ سەرۆکی هەرێم.
- سوودمەندبوون لە پێگەی ئێران وەک نێوەندگیر بۆ چارەسەری گرفتەکان لەگەڵ بەغدا و یەکێتیی نیشتمانی.
- بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی بێگەرد و نیشتمانی و دوور لە ئاڕاستەکراوی و ئەجێندای دەرەکی لە هەرێمی کوردستان.
- گۆڕانکاریی نوێ بەڕێوەن. دەبێ هەرێمی کوردستان ئامادەباشی بکات، بەتایبەت کە هەرێمی کوردستان تەواو چۆتە سەر نەخشەی وزەی جیهانی و، ئەمریکاش بایەخێکی زۆر بەوە دەدات و داوایشی لە حکوومەتی عێراقی کردووە کە غازی هەرێمی کوردستان لە پلانی سەربەخۆییی وزەدا بەرچاو بگرێ و لێی سوودمەند بێ.
- چڕکردنەوەی هەوڵ و گوشارەکان بۆ سەر بەغدا بە مەبەستی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم.
- تا دەکرێ، دەبێ هەرێم خۆی لە گرفت و قەیران لەگەڵ لایەنە ڕکابەرەکان بپارێزێ و لەو قۆناغەدا لە هاوسەنگیی پەیوەندیدا بێت.